# له حزووری (شەوێک لە شەوانی سیمرخ)دا

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

**ڕادەپەڕم**
**نە خەوە و نە مۆتەکەیە**
**نە وڕێنەی دەم گەرمەتای تەنیاییە**
دیوانی سەلاح شوان........ ل۱۳۷


نائاسایی نییە کە سەرەتاکانی شاعیرێک لە ژێر کاریگەریی کەلەپووری شیعریی زمانەکەیدا بێت، نائاسایی ئەوەیە کە بەڵگەنەویستانە ئەو سەرەتایانە لە ژێر کاریگەریی ئەو کەلەپوورەدا بێت و نەبێتە هۆی لاساییکردنەوە، بەڵکوو هۆکارێک بێت بۆ خۆچنین، واتە شەقڵگرتن و خۆبەخۆ ڕسکان لە دەرەوەی ئەو کاریگەرییە.

بەڵێ، سەلاح شوان یەکێکە لەوانەی کاریگەریی ئەو کەلەپوورە، تاڕادەیەک بەسەر فۆرمی شیعرەکانییەوە دیارە، بەڵام دواجار بۆ ئەزموون گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و لە بەدیهاتنی پرۆسەی داهێنانیدا هاوبەشی کردووە. لەبەر ئەوەی ئەو دەیەیەی دەرکەوتنی ئەو، پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بۆیە ڕەوتی شیعریش پێویستی بە چەند شتێکی گرنگ هەبووە، لەوانە: فیکری جیاواز، ئیستێتیکای جیاواز، هەروەها زمانی جیاوازیش، کە داببڕێت لەو زمانەی دەکرێ بە ترادیسیۆنی ناوی بەرین، کە ڕاستییەکەی بە زمانێکی ناواقیعی و ئەفسانەیی دەچوو، وەک لەوەی زمانێکی ڕاستەقینە بێت، بۆیە زمانێکی دەلالی هێنرایە ئارا، زمانێکی ناوەڕۆکدار تا ئەزموون دەرببڕێت، واتە ناوەوە دەربخات کە لەژێر هەژموونی واقیعدایە و گوزارشتیش لە کات و سەردەمە نوێکە، بە هەموو گۆڕانکارییەکانییەوە بکات، کە ئەمانەیش تێکڕایان دەبوونە هۆی بەخشینی دنیابینییەکی نوێ و سەرەنجام کەمکردنەوەیەکی زۆری کاریگەرییە کەلەپوورییەکە و داهێنانی جۆرە دەقێکی جیاکار لەوەی پێش خۆی، بۆیە لۆژیک و تەکنیک و یاساوڕێسا تایبەتەکانی بنیادی هونەرییانەی شیعر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، گۆڕانکاریی ڕیشەییان بەسەرداهات، دیارە هەموو گۆڕانکارییەکیش لە بنیادی هونەریدا، هەروەک مۆکارۆفسکی ئاماژەی پێداوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەرەوەوە دێت، لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی پێشکەوتنی وەدیهاتوو

لە یەکێک لە کایە ڕۆشنبیرییە هاوتەریبەکانی وەک زانست، ئابووری، سیاسەت، یان زمان، ....تاد. ڕاستییەکەی ئەمانەش بنیاد و جەوهەری شیعریان بەشێوەیەکی گشتی گۆڕی و خودی شیعر خۆیشی لە فۆرم و ناوەڕۆکدا وەرچەرخانی بەخۆوەبینی، کە (سەلاح شوان)یش یەکێک بوو لەو کارەکتەرە سەرەکی و گرنگانەی بەشداریی ئەم گۆڕانکارییەیان کرد و ڕەنگ و سیمایەکی جیاکاریان بە داهێنانی ئەو دە ساڵە دا و بەهایەکی جیاوازیان بە شیعری بەخشی.

دەشێ سەلاح شوان لە سەرەتای نووسینیدا ساتوسەودای لەگەڵ دەرەوەی شتەکاندا هەبووبێ، بەڵام دواجار تەلیسمی قووڵایی دۆزیوەتەوە و دەرکی بە فریودەریی دەرەوە کردووە، بۆیە لە چامەی «شەوێک لە شەوانی سیمرخ»دا پێچەوانەی شێوازە پێشینەکەی هەنگاو هەڵدەگرێت و کۆنتێکستی ڕستە و گوزارەکانی پێوەندییەکی یەکانگیر و چڕتر لەناو خۆیاندا جێگیر دەکەن، کە ئەمەیش ڕۆحێکی جیاواز بە بەر فەرهەنگەکەیدا دەکات و خۆی تێدەپەڕێنێ، ئیتر ڕاستەوخۆ خود ڕەگەزێکی سەرەکییە و یەیتس گوتەنی سرووش لێوەی سەرچاوە دەگرێت و جێگەی ڕۆحە و ئەو دەتوانێ بەری بکەوێت و بەئاگای بێنێ، لە دەرەوەیشیدا ئەوەی هەیە تەنیا قاوغە و قووڵاییەکەی پێویستی بە کەشفکردن هەیە و شاعیریش بەو شۆڕبوونەوەیە پێی دەگات و دۆخگۆڕینی شیعریی خۆی بەدی دەهێنێت، واتە قۆناغی نووسین گۆڕانکاریی بەسەردا دێت..

**ئاوم ئاگرپەرستێکە**
**لەبیابانا چاتۆڵی خۆی هەڵدەدات**
**چونکە سیمرخ تا ئاگر گەرمتر سەما**
**لەسەر پووشی هێلانە وشکەکەی بکا**
**ئارامتر سەر هەڵدەبڕێت و**



**سەلاح شوان**

**باڵ بەیەکا دەدا و باوەش**
**بە لەشی ئاگرا دەکا**
**دیوانی..............ل١٢٩**

ئەگەرچی «شەوێک لە شەوانی سیمرخ» بەئاگاهاتنەوەیە لە کەسیرەیی و تاسبردنەوەی پاش کارەساتێکی گەورە و قورساییەکی دەرەکییانە – مێژووییانە –یش شەقڵی پێ دەبەخشێت و سەییاب گوتەنی، هەوڵ دەدات ئەو ڕۆحە بەئاگابێنی کە مۆتەکەی ترسناکی ژیانێکی هاوچەرخ دەورەی داوە، کەچی پێوەندییەکی پتەو و مکومی لەگەڵ ناوەوەدا هەیە، چونکە دەق پێداویستییەکی و ناخەکییانە بەرهەمی هێناوە و هەروەک (یەیتس)یش لە شوێنێکدا ئاماژەی پێ داوە، زادەی ململانێیەکە لەگەڵ خوددا، بەڵام تێکست ڕاستەوخۆ بە ڕەهەندە دەرەکییەکە و هەر تەنیا بە کاریگەرییەکەی سەرقاڵ نابێت، ڕەهەندە ناوەکییەکە و پێوەندییە درامییەکەی ناو خۆی و خودەکەی سەرقاڵی دەکات، واتە دەقێکی یونیڤێرساڵ، کە هەستێکی هاوبەش دایڕشتووە و بەدی هێناوە، بۆیە دەڵێم هاوبەش،

چونکە نموونەی دیکەی ئەم هەستە لە دنیای شیعریماندا بەدی دەکرێت، لەوانە «وەرە خوارێ.. ئەی خواکەی غەریبان لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خوارێ..»ی ئەنوەر قادر محەمەد و «بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە»کەی لەتیف هەڵمەت، کە داوەدەزوویەک لەنێوانیاندا هەیە و ڕەنگە ئەو دوو ئەزموونە پاڵنەر بووبن (سەلاح شوان)یش ئەزموونەکەی خۆی بە شیعرییەتێکی جیاواز متوربە بکات و وەک ئەوان لە ژێر هەمان ئاسۆی مێژوویی و ڕۆشنبیریدا دەقێک بنووسێت هاوشانی وێرانەخاکەکەی ئیلیەت بێت و شاعیران ئاواتی خۆ بەخاوەن بوونی بخوازن.

سەرباری ئەوەش ئەم دەنگە لەگەڵ دەنگی ئەو ناوبراوانەدا هیچ هاوبەشییەکی نییە و تەنیا ئەو هەستە گشتییە لەنێوانیاندا هاوبەشە کە باکگراوەندیان دەڕسکێنێ و سەرچاوەی شەقڵ بەخشینە پێیان، بەڵام بێگومان ئەم هەستە لەودیو ڕەمزێکی شەفافدا خۆی پەردەپۆش دەکات.

**ئێستا چاوەڕێی وەرزێکین**
**جزمە و پاڵتۆکەی لێرەدا**
**جێ هێشتووە**
**بۆ سەیران چووە نازانم**
**یا سەری خۆی هەڵگرتووە**
دیوانی...........ل ١٥٠

لێرەدا، ئەفسانەی سیمرخ ڕووکەشانە تەوزیف نەکراوە، بەڵکوو بۆ فراوانکردنی هاماجی تێکستەکەی و بەخشینی قووڵییەکی زیاتر پێی و محەمەد عەززام گوتەنی، گواستنەوەی ئەزموونەکەی لە ئاستێکی کەسییانەی خودییەوە بۆ ئاستێکی مرۆڤانەی جەوهەری، ئەگەرچیش چامەکە ئەفسانەسەرا دەکات، واتە لە جەستەی ئەم دەقەدا دەقێکی ئەفسانەیی دەتوێنێتەوە، بەڵام دەقێکی ئەفسانەیی بەرهەم ناهێنێت، چونکە سەلاح شوان سیمرخەکەی خۆی بە نیەتێکی ئەفسانەئامێزانە بەکارنابات و لە ئەفسانەوە بۆ ناو واقیعی ڕۆژانە دەگوازێتەوە و لە هاماجی ئەبستراکتەوە دەیکاتە کارەکتەرێکی بەرهەست و واقیعی و بۆ مەبەستێکی سیمبوڵیانە، هەروەک کارڵۆس بۆسۆنیۆ بۆی چووە، دەیخاتە بنیادی چامەکەوە.

سیمبوڵی ژیانێک کە شکستێکی ئۆنتۆلۆژییانە دەستەویەخەی بووەتەوە و دەیەوێ لە ژێری هەستێتەوە و خۆی نوێ بکاتەوە، واتە سیمرخ کارەکتەرێکە سەرلەبەری دەقەکە بە سووتانێک دەورەدەدات و بە کڵوکۆدامرکان کۆتایی نایەت، بەڵکوو بە ڕووناکییەک، کە ناوکی سەرەتایەکی نوێ دەبڕێت.

**دە گوێ بگرە لە جریوەی ئەستێرەکان**
**تا بزانیت چۆن باسی یەخسیریی خۆیان**
**بە دەست بازنە بۆشەکەی**
**مەدارەکانەوە دەکەن**
**خۆ گشت کەسێک سیمرخ نییە**
**تا لەناو گڕی هەتاوا**
**بحەوێتەوە و نەسووتێت**
دیوانی...........ل ١٣٠

دیارە بابەتی ئەم دەقەی کە دنیابینییەکی شیعریی بەرفراوان لە شێوازێکی جیاوازدا هێناویێتییە ئاراوە، هەرتەنیا زمان- مرۆڤ لە گفتوگۆدا نییە، بەڵکوو دنیاش لەخۆدەربڕیندایە، هەموو هەستەکانیش لەم گفتوگۆ و خۆدەربڕینەدا ئامادەن و شیعرێکی ناوەکییانە دەهێننەدی، چونکە بە ئەزموونێکی هەستەکییانە و دەروونییانە و خودییانەی قووڵ هاتووەتەئارا، واتە بە پلەی یەکەم ئەزموونی بوونە، نەک ئەزموونی

نووسـین، لەگـەڵ ئەوەیشـدا ڕاسـتەوخۆ ڕەهەنـدی نـاوەوە و دەرەوەی تێـدا یەکانگیربـووە، بۆیـە یەکێکـە لـە جوانتریـن و ڕوونترینـی ئـەو تێکسـتە شیعرییانەی بۆ بـە ئامانج گەیشـتنێک هـەوڵ دەدا و بـە سەروسـەدا و هەراوهۆریایەکـی پۆزەتیڤانـە ئاوسـە، ئەگەرچیـش لـە دەرەوە بـە تەمومژێکـی دیودەر سـەرکوتکراوە، لێ نـاوەوە هـەوڵ بۆ ئـەوە دەدات کەویبـوون پێشـێل بکات و نەچێتـە ژێـر هیـچ نیرێکـەوە و دژواریشـە بـە وشـە لێـک بدرێتـەوە، چونکە وشـەکانی فۆرمێک پێک دەهێنـن و شـەقڵی پـێ دەدەن، دەوڵەمەنـدە بـە ئامـاژە، بـە چینێـک دەلالەتـی ڕۆشـن، تەمومژیـش، بێگومـان تاریکـی پـێ نابەخشـێت، بەڵکـوو جوانـی و ڕوونـی.

**سـیمرخ هێلانـە لـە چیلکەی داری دۆزەخ دروست دەکا**

**کە گڕی گرت**

**تاکو باران نەیشواتەوە خەفە نابێ و**

**شەوچراغی گەردانەکەی شازادە نادۆزرێتەوە**

دیوانی.............ل ١٢٩

ئەمـە شـەوێکە لـە شـەوە بێشـومارەکان، واتـە دیاریکردنـی یـەک شـەوە لـەو شـەوانەی لەنـاو سـەردەمەکەدا بوونێکـی پەیگیـری هەیـە، سیمرخیش بێجگـە لـە داگیرکردنـی باکگراوەنـدی دەقەکـە دۆخ دەگۆڕێـت و وەک ڕاناوەکانـی تـۆ و ئـەو، لـە هەمـوو دێڕێکدا جێ پێـی هەڵدەگیرێت، هـەروەک (ئەدۆنیس)یـش دەڵێـت، سـەفەرێکە لەنـاو قووڵاییەکانـدا، بـەڵام جیاوازانـە دێتـەدی، ڕەوشـەکەش کـە چوونـە نـاو دۆخـی سـووتانە، بـۆ پاقژبوونەوەیـە، چونکـە هـەر تەنیـا خـۆی پۆتانسیۆلی گۆڕانکاری تێدایە و دەتوانێ نەخشـە بـە ژیانێکـی نـوێ بـدات، نـەک کلۆکۆدامـرکان و لەناوچـوون.

ڕاسـتییەکەی ئـەو شـەوەیە کـە ئاگـری واقیعەکـە بەجـێ دێڵێـت و لەنـاو خۆڵەمێـش هەڵدەسـتێتەوە. لەلایەکـی تریشـەوە هەوڵێکـە بـۆ تێگەیشـتن لـە دۆخگۆڕیـن و مانـەوە و هەرسـکردنی ئـەو دۆخـەی شـاعیر بەبـێ بەرجەسـتەیی سـیمرخ خـۆی تێـدا دەبینێتـەوە و دەبێ لەگەڵیدا هەڵبکات، واتە دەلالەتی ئـەم دۆخگۆڕینـە لـە گونجان و قبووڵکردنی واقیعێکی نەخـوازراو بـەولاوە شـتێکی دیمـان پـێ نابەخشـێت، بەکورتـی کۆتایـی خەونێکـە و ئەڵتەرناتیڤیـش هـەر ئەوەیـە دیسـان خـەون بـە دەرکەوتنـەوەی سـیمرخ ، یـان تەماهیکـردن لەگەڵیـدا ببینێتـەوە.

**داربەڕووی وشکی لەشی من**

**سەربەرەوخوار هەڵواسراوە و**

**ئێستا بەدەم گشت شەپۆلێکەوە دێت و دەچێتەوە**

**ئەوەی دەمهەژێنێ ئێستا**

**نە دەریا خەونەکەی جاران**

**نە ئەو ڕووبارە خوڕەیە کە من خۆم دایە دەمیەوە**

دیوانی.............ل ١٣٣-١٣٤

هەمـوو تێکسـتێک مێژووییـە، واتـە هەڵگـری مێژوویەکـە، وەک ئـەوەی ئۆکتاڤیۆپـاز ئامـاژەی پێـداوە، خوێندنەوەشـە بـۆ واقیـع، ئـەم دەق-داسـتانەیش خوێندنـەوەی قۆناغێکی دژواری ژیانی تاکێکـی هۆشـمەندی فرەڕەهەنـدە، هـەروەک ئـەوەی (حەسـەن نازم)یـش دەڵێـت، لـە کێشمەکێشـی شـاعیر لەگـەڵ خـودی خۆیـدا لەدایـک بـووە، کێشمەکێشـێک کـە مەیدانەکـەی ناوەوەیـە و هـەر لەوێشـدا ڕوودەدات، چونکـە پرسـێکی بوونگەرایـە. یادەوەرییەکـی هاوبـەش گرنگتریـن چەمکـە پێکهێنەرەکەیەتـی، ئەمـەش دوو ئاسـتی هەیـە، ئاسـتێکی ڕاسـتەوخۆ، کە ئەزموونە تایبەتمەندەکەی شـاعیرە، ئـەوی دیـش ئاسـتی ناڕاسـتەوخۆیە کـە شـەوی دەرەوەیـە-واقیـع-، گەڕانـەوە نییـە بـۆ نـاو ڕابوردوویـەک کـە یـادەوەری لەنـاو خۆیـدا، زینـدوو ڕایگرتـووە، بەڵکـوو هەوڵـە بـۆ قەتیسـکردنی لەنـاو

هزردا، واته ڕامانێکی بەردەوام لێی، له ناوەوە، ناوەوەی خود. دەکرێ بوترێ لێره بەدواوە نووسین بۆ شاعیر، چیدی مەلەکردن نییه لەناو ئەستێڵێکدا، بەڵکوو کەوتنه ناو دەریایەکی بێبنه و کردەکییانه پێگەیشتنی شیعریی شاعیره که پاش تراژیدیا ئەنتۆلۆژییەکەی شەقڵگەرا دەبێت، چونکه پێشتر ئەم شێوازه توندوتۆڵ و چڕە، له ئەزموونەکەیدا سەرنج نادرێت و تاڕادەیەک به ڕووکەشی شتەکانەوە مژووڵه و لێرەدا به قووڵی گیرۆدەی ناوەوە دەبێت و دنیایەک وێنا دەکات ئەزموونێکی ڕۆحیی چوارچێوەی کێشاوە، دیاره ئەم ئەزموونەش ئەو تراژیدیایه پێی دەگەیەنێت و دەیپرسکێنێ، که شۆکێکی بێڕادە هێناویەتییه کایەوە و بووەته هۆی بەئاگاهێنانی، دیاریشه ئەم بەئاگا هاتنەوەیه هەرتەنیا لەگەڵ (سەلاح شوان) دا ڕاستەوانه نایەتەوە، بەڵکوو ئەو شاعیرانەشی گواستووەتەوە قۆناغێکی شیعریی جددیی ترەوە که له تانوپۆی پەرەگرافێکی پێشووتری ئەم نووسینەدا ناویان هاتووە، یانی بووه به هۆکاری بەرکەماڵبوون و پێگەیشتنێکی جۆرەکییانە، به تایبەتیش لایەنی هونەرییانه و دنیابینییەکەیان، هەروەها ڕەهەندە مرۆڤانییەکەشیان فراوانتر و قووڵتر بووە.

**بەڵام بابه**
**جاری شەشەم بوو نازانم یا حەوتەم بوو**
**دەستیان لێ بەردام و کەوتم**
**هەرچەندم کرد پەڕوباڵم لێ نەڕوا هەرچەندم کرد**
**نه سیمرخێ**
**نه پەرییەک نەبوو**
**دەست بداته بەرم**

دیوانی............ل ١٣١- ١٣٢

بابەت، ڕۆژگارانەیە، ئەوەیه که سەردەمێک دەڕسکێنێ و سەعدی یووسف گوتەنی واقیعێک کەشف دەکات، به زمانێک، کێشەیەکی بوونگەرایانه دەردەبڕێ که لەو زمانه ڕۆژانەییه ئاساییەی، ئیلیەت دەڵێت، بەکاری دەهێنین و گوێبیستی دەبین زۆر دوور ناکەوێتەوە و گوزاره له خەونێک، ئومێدێک دەکات بووه به تراویلکه و دواجار ڕەوییوەتەوە، واته دەقێک بەرهەم هاتووه چاوی هەیه، بەڵام هیچ نابینێت..ئاوێنەیەکه تەنیا خودێک پێچەوانه دەکاتەوە کول و کۆڤان نەخشەی کێشاوە و هەموو ئەو شتانەی بەرهەستن و بەرزەفت ناکرێن، له ڕێگەی زمانێکەوە بەرجەسته دەکات که له هەندێ جێگه و ئاستی هەیکەلی دەقەکەدا بەکاری دەهێنێت که وێنەی دینامێکی دروست دەکات، واته وێنەی شیعری، واته وشەگەلێک دەخاته کۆنتێکستگەلی ئەوتۆوە که هاماجی تایبەتییان هەیه و ئەو شتانەیان تێدایه که وێنەی بینینئامێزانه له خەیاڵدا دەئافرێنن و لەگەڵ دنیابینیدا یەکانگیر دەبن و لێی دانابڕێن، چونکه، وەک محەمەد عەززام دەڵێت، زمانی کارلێککردن و دەرگیربوونه لەگەڵ شتەکان و جوانییەکەشیان بۆ سیستمی تاک وشەکان و پێوەندییەکانیان دەگەڕێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەمەش «ئەزموون» باڵادەسته بەسەریدا، بۆیه زمانەکەی، که هەڵگری وزەی ڕۆحێکی پڕ کول و کۆڤانه، زمانی ئاماژەیە، ئاماژەکانیش هۆشمەندانه و ئامانجدارانه چوارچێوەیان بۆ کێشراوە و خۆوەکییانه نەکەوتوونەته ناو دەقەکەوە. لەم تانوپۆیەشدا، تەنیا به ئاماژه پەی به سەردەمی دەقەکه دەبرێت، هەر به ئاماژەیش پەی به شوێن دەبرێت، چونکه شیعر پێویستی بەوە نییه ڕاستەوخۆ ئاماژه به کات و شوێن بدات، بەڵکوو فەزایەک دەخوڵقێنێ ئەو دوو چەمکەی تێدا پەی پێ دەبرێت..تاک وشەکانیشی هیچ لێڵ نین، تەواو ڕوونن، بەڵام بەو مانایه نا

کـە بیرکردنـەوە نەورووژێنـن، بەڵکـوو بـەو مانایـەی ڕامانـی دەرەنجـام ئەرێنیـی دەبەخشـن و دەهێننـەدی.

**ئەم شوورەیە زۆر ئەستوورە**

**هەردوو دیویشی دۆزەخە**

**ئیتـر بۆچی جێگـە گۆڕکێ لەگـەڵ کەسـی تـردا بکە ین**

**ئێمە هەتاو دەمانسووتێنێت و ئەوان**

**بۆ هەتاو خۆ دەسووتێنن**

دیوانی...... ل ١٢٦

لێـرەدا، زەوق و چەشـەیەک دووبـارە دەکاتـەوە کـە لـە پێکهاتـە شـیعرییەکەیدا بەشـدارە، وەک ئـەوەی (حاتـەم ئەلسـەگر)یش ئامـاژەی پێـداوە کەشـفی کرۆکـی شـیعر، یـان ئـەو ڕۆحـەی شـیعر دەکات کـە بـە زەمەنـەوە هاوپێوەنـد نییـە. ئەدۆنیـس وتەنیـش، ناکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی زەوق و چەشـەیەکی بـاو، یـان نەگـۆڕەوە، چونکـە داهێنانێکـی شەخسـییە، بۆیـە زەمەنەکـەی خـۆی تێدەپەڕێنـێ و هاوپێوەنـد نابێـت لەگەڵیـدا بـۆ ئـەوەی یەکێـک بێـت لـە چامـە گرنگەکانـی ئـەو سـەروبەندە و تـۆدۆرۆڤ وتەنی جوانیی ببەخشـێتە دنیاکەمـان و وای لـێ بـکات ڕوونتـر و دەوڵەمەندتر بێـت، دیـارە بـە مانـا، بـەو پێیەیـش باشـتری بـکات، چونکـە هـەروەک ناوبـراو دەڵێـت، کەشـفی هەقیقەتمـان بـۆ دەکات، شـاعیریش هـەر بـە ڕای ئـەو، ملکەچـی پێوەرێکـی ئەخلاقییانـەی دەرەکـی نابێـت، بەڵکـوو لـە ڕێگـەی هێنانـەدی کارێکـی جوان و مانـادارەوە ئەرکە ئەخلاقییەکـەی خۆیمان پێشـکەش دەکات، ئەوجـا لەبـەر ئـەوەی لـەم تێکستەشـدا کەشـفێکی لـەو بابەتـە هاتووەتـەدی، بۆچوونەکـەی تـۆدۆرۆڤ وەک ئـەوە وایـە بـە بـاڵای ئـەم دەقـەدا بڕابێـت.

**یا من مەستم**

**یا ئەمشەو لە سەدەکانی**

**سەهۆڵبەندانەوە بێدەنگ**

**بە تاقی تەنیا دانیشتووم**

**نازانم بۆ نەهاتەوە**

**ئەوساکە من گەلگامێش و**

**ئەو گۆمێکی مەمکخڕی**

**بەهارە بوو**

**بەدیارییەوە دادەنیشتم**

**چاوەڕێی گوڵە شیعرێکی نەمری بووم**

**چاوەکانـی هەڵبێنێـت و دەسـتی بخاتـە نـاو دەسـتم**

دیوانی...... ل ١٤١

مێـژووی نووسـینی ئەم دەقـە، دەقەکە دەکات بە چیرۆکـی سـەفەرێک بەنـاو تۆپۆگرافیایەکـی دژوار و قەتیسـی کۆنتێکسـتێکی مێژوویـی دیاریکـراوی دەکات، کـە ڕاچەنینێکـی ڕیشـەیی هێناوێتییـە ئـاراوە و وادەکات بـە ئاڕاسـتەیەکی دیاریکـراو لێـک بدرێتـەوە، یانـی بـە زانینـی بەروارەکـەی و خوێندنـەوەی دێـڕی {ئەمشـەو سـێ شـەوە بـە تەنیـام/ بە تەنیـام و گوێـم لـە ترپـەی پێـی دڵـە زیندانییەکەمـە/ لـە ژوورەکـەی ئەودیومـا/ سـێ شـەوە تاکـوو بەیانـی پیاسـە دەکات} ئـەم-سـێ - یـە چڕکردنـەوەی ئـەو سـاڵە تاریکانەیـە کـە بـەدوای نسـکۆکەی ناوەڕاستی دەیـەی حەفتاکانـدا دێـت.

زمـان کـە قەسـیدەکەی بنیادنـاوە، زمانێکـی نـەزۆک نییـە، زمانـی ڕەنگدانەوەیـە و بارگاوییـە بە مەعریفـە و تێڕوانیـن و دنیابینـی.. مەدلوولـی ئـەو واقیعەیـە کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەلالەتـی پێکهێنـەری تێکسـتەکەیە و تێکسـتەکەش- وەک فـۆرم- ئاماژەیەکـی تۆکمەیـە بـۆ ناواخنەکـەی خـۆی، وەک ئـەو شـاخەی بـە گـرکان ئاوسـە، واتـە گرکانەکـە ئـەو جەوهەرەیـە کـە شـاخەکە - فۆرمەکـە- لێـوەی شـەقڵ بـە بوونـی خـۆی

دەدات.

**ئەمشەو دنیا ئەشکەوتێکە**

**نە کۆتری ترس چینەی تیا دەکات**

**نە جاڵجاڵۆکەش دەتوانێت دەرگاکەی جۆڵایی بکا ت**

**وەرە ئەمشەو لەگەڵمابە**

**ئەم ئەشکەوتە نەبێت برووسکە دەمپێکێت**

**چونکە هەتاو**

**تاکوو ئەوها**

**لە چاوەکانمەوە تیشکی سەر بکات و**

**نەتوانم بیشارمەوە**

**دەست بۆ هەرچی ئاوێ بەرم**

**لەناو لەپما دەبێتە مشتێ خۆڵەمێش**

دیوانی............ل ١٢٩

ئایا منی ناو دەقەکە، کە مۆکارۆڤسکی بە خاڵی بنچینەیی دادەنێت بۆ پێکهێنانی چامە هەرتەنیا دەمامکێکە؟ ئایا بەڕاستی وێنەی دەمامکێک دەردەکەوێت؟ یان هاوتای کەسێتیی شاعیر خۆیەتی، بەبێ هەڵگرتنی هیچ دەمامکێک؟ بێگومان ڕەمزێکە کەوتووەتە ژێر قورسایی دنیایەک ئەوەندە دژوارە، نازانی چۆن زاری نەچووەتە کلیلە و توانیویەتی لێرەدا جێگەی خۆی بکاتەوە، وەڵامیش، ئیلیەت وتەنی، تەنیا ئەوەیە ئازارە کەسی و تایبەتمەندەکەی خۆی گۆڕیوە بۆ شتێکی نامۆ و دەوڵەمەند، شتێکی گشتییانە و ناشەخسی. دواجار بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک پێداگرییەکە لەوەی کە شاعیر لە تایبەتمەندی و بابەتە کەسییەکانی خۆیەوە دەدوێت، بەڵام بە ئاوێتەکردنی ئەو منە، بە ئەوی دییەوە، چونکە جۆن دۆن گوتەنی، هیچ مرۆڤێک دوورگەیەک نییە، دابڕاو بێت لەوانی دی و لەو واقیعەش کە چوارچێوەیەکە لەگەڵیاندا دەیگرێتەخۆی.

**ئەمشەو تەنیا هەر من و تۆین**

**وەرە با باسی ئامێزی شۆخی تەزیوی زریان و**

**تاڤگەی خەم و**

**گۆمە بێدەنگەکان بکەین**

**وەرە با باسی شەپۆلی خەولێکەوتووی**

**لەشی جۆگەلەکان بکەین**

**سەیرم مەکە**

**ئەم ئەشکەوتە زۆر تاریکە نامناسیەوە**

دیوانی...........ل ١٢٥

شیعر ئاسۆیەکە، ئەو شتانەی لێوە دەبینرێت کە لە پێکهاتەی شاعیردا بەشدارن، (ڤیکتۆر ئێرلیخ) یش دەڵێت، شیعر پێ بەپێی بارودۆخە باوەکانی سەردەمێکی دیاریکراو، ژیانی شاعیر بە ئەفسانە دەکات، واتە دەکرێ وەک ژیاننامەیەکی شیعری لە دەق بڕوانرێت، دیارە ئەم ژیاننامەیەی ناوکۆی ئەم دەقەیش شەقڵێکی دەلالەت ئامێزی پێ دەدات، درامایەکی گەورەیە، چونکە داوەدەزوویەکی چیرۆکئامێز بەشەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە. ڕاناوەکانی (من، تۆ، ئەو) لەسەر شانۆی دەقەکەدا دەردەکەون و فەزاکەی دەتەننەوە. من، منی شاعیرە، بەرجەستەیە، بوونێکی ناو دەقییە، دنیابینییەک دەخاتەڕوو، وەک فازڵ سامر دەڵێت، قەبارەی وێرانییە ناوەکییەکەی و شکستەکانی و ئەو کۆڤانانە بەرجەستە دەکات کە کەسێتیی داهێزراوی شاعیر لە مابەینی گوشارە دەرەکی و ناوەکییەکاندا دووچاری بووە.

**شەو درەنگ داهات و نەبووی**

**گوتمان سبەینێ دێیتەوە**

**ساڵ درەنگ داهات و نەبووی**

**گوتمان بەهارێ دێیتەوە**

دیوانی...........ل١٣٤

ئەگەر (من) ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، لێرەدا بوونێکی دەقیی بێت، ئەوە ڕاناوی

کەسی دووەمی تاک بوونێکە لەناو زەماندا، واتە بوونێکی نادیاری دەرەوەی دەقییە و لە تێکستەکەدا دێتە دواندن، کە لەناو دێوجامەی یادوەرییەوە خۆی ڕادەپسکێنێ و خاوەنی بوونێکی ناواقیعییە- واتە خاوەنی بوونێکە لە تانوپۆی ئەو واقیعەدا بووە و چیدی لەناویدا نییە و بە بەجێهێشتنی، ئەو ڕەنگە تاریکەی پێ بەخشیوە.

ڕاناوی سێیەمیش (ئەو) بوونێکە لە دەرەوەی زەماندایە، بوونێکی شەقار شەقارە و پێویستی بە سارێژکردنەوە و بووژاندنەوەیە.

**ڕاوەستاوی**
**ڕەشماری خەم**
**لە باڵای نەونەمامی گشت**
**ڕۆژ و شەوانت ئاڵاوە**
**نە باڵندەی ئاواتێک بەلاتا دێت و**
**نە شنەی با**
**دەنگێکی خۆشت بۆ دێنێ**
**پەڵە هەورەکانیش دوورن**
**بەرزن و پەرت و بڵاون**
**ئەم بایە بای باران نییە**
**گەر بشبارێت پەڵەنادات**
دیوانی............ل١٣٨

ئاخۆ دەکرێ لەگەڵ (تینیانۆڤ)دا هاوڕابین کە دەڵێت: «سنوور لە نێوان ئەدەب و لە نێوان ژیاندا ناڕوونە»، مەبەست لە بوونی سنوورە، ئاخۆ هەیە تا دابڕانێک بخوڵقێنێ و پرسێکی پێداگری ئەوتۆ بورووژێنێ کە دەق لەکوێوە دێت؟ یانی ئەو سنوورەی بەربەستە لەوەی دەق پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانەوە هەبێت و سرووش، یان لە هاتنەدیدا سەرچاوە بێت، چونکە ڤیکتۆر ئێرلیخ وتەنی، ئەدەب، بە تایبەتیش شیعر، هەرچی چەنێک هەوڵی لە ژیان دوورکەوتنەوە بدات، خۆی وا دەبینێتەوە کە لەمیانەی هەڵاتنیەوە ناچاری ئەوەیە گوێگرێک بێت بۆ ئەوەی بۆ خۆی و هونەری شیعریش، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع پێشنیاری ڕێگەیەکی ڕاستەقینە بکات، کە ژیانیش بەشێکە لێی، بۆیە دەکرێ بڵێین دەق ئەزموون ناوکی دەبڕێت، ئەزموونیش پێدراوی ژیانە.

دیارە مەبەست ئەزموونێکە کە ژیان بە ڕوونی بینیویەتی و هەستەکان بەردەوامی، یان هەتاهەتاییان پێ بەخشیوە، تا ئیدی یادەوەری ببێتە ئەرشیڤی، بەڵام ئەرشیڤێک تۆزوگەردی زەمان زەفەری پێ نەبات و هەردەم دیار و جیلوەدار بێت و بە مانایەکی داستانییانە و ئەفسانەوییانە لێوانلێو بێت، بۆیە تێیدا هیچ مەودایەک ناکەوێتە بەینی شاعیر و دەقەوە، هەروەها دەق و ژیانەوە، واتە لە ئەزموونێک سەرچاوەی گرتووە، تەواو ڕۆحیی و خودییە و پێوەندی بە هۆنینەوەوە نییە.

**گوێم لێ بگرە**
**ئەمشەو دڵەکەم گۆمێکە**
**دەریایەکە بەسەر لەشی خامۆشی ئەم زەمینەدا**
**ڕاکشاوە و**
**شەپۆل دەدا**
**چاوەڕوانی**
**هەڵسانی لافاوی گریانە و نەسرەوتووە**
دیوانی............ل١٢٧

شاعیر پارچە پارچەبوونێکی ئۆنتۆلۆژییانە ئەزموون دەکات، شێوازی ژیانێک دەخاتەڕوو کە لەژێر گوشارێکی دەروونیی بێڕادەدایە و کەوتووەتە نێوان دوو دۆزەخەوە، یەکێکی دەرەکی و یەکێکی ناوەکی، بۆیە خۆی لە شەوێکدا کۆدەکاتەوە، کە زەمەنی تێدا چڕکردووەتەوە، شەوێک کە ڕاستییەکی دوو ڕەهەندە، دەرەوە شەو ڕەنگی خۆی پێ بەخشیوە و

ناوەوەیش سووتان پەناگەیەتی، بەڵام ئەم سووتانە کڵوکۆی ناوەوەی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکوو یەکێکی ترە لە سووتانە بێشومارەکان و لەوەیە هیی دیشی بەدوادا بێت و بەردەوامیش وەک بورکانێک وایە، سەرزەمانێک دادەمرکێت و دەبێتەوە بە شاخێکی گەردن کەش و چاوەڕوانییەکان نوێ دەکاتەوە.. فەزایەک فەراهەم دەکات ژاوەیە بە مەودایەکی وێران کە پاش بوومەلەرزەیەکی گەورە بووەتە دیمەنگەیەک تەنیا بەسەر تاریکیدا دەکرێتەوە، چڕکردنەوەی کۆمەڵێک مانایە لەو تانوپۆیەدا، کە شەوێکی سیمرخانەیە و وەک سێبەری چارەنووس وایە، واتە لە دەلالەتەکەیدا چڕدەبێتەوە، کە بارداره بە دنیایەک هەست و سۆزی قووڵ و سەرەنجام گۆڕان لە خۆدەگرێت و دەبێت بە سیمبۆلی ڕوون و شەفافی سەردەمێک و وامان لێ دەکات، ئیلیەت گوتەنی، لەو هەستە زۆر قووڵە ناونەنراوانە، لەو هەستانەی ئەو جەوهەرەی قەوارەمان پێکدەهێنن کە بەدەگمەن دەچینە ناوییەوە، بەئاگاتر بین..

**کەی بیستووتە**
**سیمرخێک پەڕوباڵی خۆی دابێت بە گۆشتخۆرەکان**
**و**
**لەبەر دەستیان دانیشتبێت**
**ئەگەر ڕووبار لاشەی شەکەتی خۆی بکات بە خەڵووز و**
**ڕاوچییەکان بۆ ناو مێرگی گەرمەماچی**
**کارمامزەکان بەرێت و**
**خۆی لە خوێنی سپیی چناران هەڵکێشێ**
**ڕووبار نییە**

دیوانی..........ل١٢٧

ئایا کێشەی سەرەکییانە لە شیعردا ئەوەیە کە بەئاگایە لەوەی مامەڵە لەگەڵ وەهمدا دەکات؟ هەروەک کۆڵن ویڵسن ئاماژەی داوەتێ، بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی شاعیر پێ بەپێی فەوزی کەریم بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت و ئەم دەقەش، چی لەخۆیدا هەڵدەگرێت و ئێمە بە خوێندنەوەی بەری دەکەوین؟ دیارە مێژوویەک، مێژووش بێگومان وەهم نییە، واتە ڕووبەڕووی چەمکێکین وامان لێ دەکات بەرهەڵستی لە لەبیرچوونەوە بکەین، بۆیە هەر لە دەستپێکەوە بە هەستێکی نەگەتیڤانەوە تێ هەڵدەچێت، شەو.. تاریکی.. ڕەشایی..تاد، کە بێجگە لەوەی توانایی بینین سنووردار دەکات، کەشوهەوایەکی نەگەتیڤیش لەناو دەقەکەدا دەگرێتەخۆ کە بێگومان کەشوهەوایەکی ڕاستەقینەیە و مانایەکی واقیعییانەی هەڵگرتووە و چامەکە وەک حەقیقەتێک ئاشکرایان دەکات، یانی لە حزووری مێژوویەکداین تاریکی گەمارۆی داوە و پێویستە دەرەتانێک پەیدا بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژێک ڕووناکی بهێنینەوە ناوی و بکەوێتە سەر جوانی و ژیانیش بیکات بە پۆشاکی خۆی و بیپارێزێت.

**ئەمشەو هەرچەند دەمەوێ**
**لەم سەگوەڕە مۆتەکەیە خۆم ڕزگارکەم**
**دەستەکانم**
**دەبنە دوو دارخورمای چۆڵی بیابانێک**
**چنگ لە زەوییەکە گیر دەکەن**
**کە دەرگام لێ نەکرێتەوە**
**گۆشتی لەشی ڕەشی دەرەوەم لێ دەبێ**
**بە پەیکەری نێرەمووکێکی زەبەلاح**
**چاوێکم لێ دادەگرێت و**
**سمتی خڕیم پیشان دەدا**
**دەرگاکە دادەخەمەوە**

دیوانی..........ل١٤٧-١٤٨

شکستێکی بابەتییانە جووڵەکانی خود ئاڕاستە دەکات، ئەو ئەتمۆسفیرە ناوەکییە سەرشار دەکات لە سەروسەدایەکی لەڕادەبەدەر، واتە لە هەڵچوون و وروژانێکی بیسنوور، کە ئەویش کارڵۆس

بۆسۆنیۆ گوتەنی، ڕاڤەیەکی واقیعەکەیە، واتە ئەو هۆکارە و دەیهێنێتەدی.ڕامانی شاعیریش بۆ خودی خۆی و دواجار بۆ واقیعیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، یانی دنیابینییەکەی بۆ ئەم دوو چەمکە تەواو جیاواز دەبێت، چونکە بە قووڵیی بەناو یەکەمدا شۆڕدەبێتەوە و گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەی لێ دەکات و بە دووەمیشدا هەڵدەڕوانێت و پەی بە هەقیقەتە بێڕادە تاڵەکەی دەبات و دیدێکی ڕوونتری دەبێت بۆ ڕەهەندی ناوەوە و دەرەوە – خود و جیهان، هەڵوێستێکیشە بەرانبەر بەو جیهانەی ئابڵووقەی خودی داوە، واتە شاعیر لەناو زەمەنە شاعیرییەکەی خۆیدایە و زەمەنەکەیشی هاوکات ناوەکییانە و دەرەکییانەیە و ئەدۆنیس وتەنی، ڕۆحییانە و مێژووییانەشە.

**ئەمشەو دنیا لەناو دەستما**
**هەویرێکی هەڵاتووە**
**هەرچی چۆنێکی دەشێلم**
**لەناو تەنووری مێشکمدا**
**لە نانێکی خەم زیاتری تیا نابێت!**

دیوانی..........ل ١٢٦

بنیاد، یان هەیکەلی چامە، بە بۆچوونی محەمەد عەززام، گرنگترین ڕەگەزە هونەرییەکانێتی، چونکە ناهێڵێ پەرتوبڵاو دەرکەوێت و یەکگرتووی دەکات، لێرەشدا بنیادەکە بێ چەندوچوون نەشونمایەکی ئۆرگانییانەی هەیە و لە ئۆرگانیی بوونەکەشیدا لۆژیکییانەیە، هەروەک فەوزی کەریم دەڵێت، ئامادەییەکی چڕیشی هەیە و لە دەوروبەری بابەتێکدا داڕێژراوە کە ڕەهەندێکی ناوەکییانەی جیاواز دەگرێتەخۆ، واتە بیرۆکەکان لە چوارچێوەی بابەتەکەدا نەشونما دەکەن و پێدەگەن و دەقەکە، کە سێ بەشی درێژە و لە ڕێگەی جووڵەکانییانەوە هاوپەیوەند دەبن، واتە یەکانگیر دەبن و بە شێوەیەکی تۆکمە و پتەو ساختمانێک پێک دەهێنن و بەسەر ئامرازە هونەرییەکانیدا باڵادەست دەبێت و بە جۆرێکی ڕوون زمانەکەی ئاستێک بەخۆیەوە دەگرێت وەک بڵێی تێپەڕاندنی پێشووی خۆی بێت.

ئەلێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین، چونکە هەوڵەکانی پێشووتر تەقەلـلا بووە بۆ گەیشتن بێرە، کە بەرجەستەکردنێکی هونەرییانە و ئیستێتیکییانەی ئەزموونێکی پێگەیشتووە.

ئەمە لەبارەی بنیادە گشتییەکەیەوە، سەبارەت بە بنیادە دەلالییەکەشی، ئەگەرچی دەلالەتەکانی دەقیش لەلایەن پێوەندییە ناوخۆییەکانییەوە بە ڕەهەندە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سەردەمییەکانەوە دیاری دەکرێن، کە دیارە ئەمانەش کار لە ئەزموون دەکەن، کە دید و دنیابینییەکەی بەرجەستە دەکات و شەقڵ بە فەزایەکی دەروونیی ئەوتۆ دەبەخشێت، کە پێوەندییەکی قووڵ و بەتینی بە دنیابینیی ئۆنتۆلۆژییانەوە هەیە و ئەم دنیابینییەش ئاگایەکی هەستییانەی قووڵ سنووری بۆ دادەنێت، بۆیە هەست دەکەین فۆکەسێکی چڕوپڕ لەسەر ئەو فەزا دەروونییەدا جێگیر دەبێت و وردەکارییەکانی هەنگاو بە هەنگاو دەردەکەون و سەرەنجام بۆ ئەوەی پەی بەو مانایە بەرین کە ناڕاستەوخۆ ئەو هەستە بەئاگایە بە دالی دەبەخشێت، پێویستە پەنابەرینە بەر کۆنتێکستی ئەزموونی شاعیر و زەمەنەکەی و ڕووداوە دیارەکانی تانوپۆی ئەو زەمەنە.

**ئەمشەو دڵم**
**وەکو چۆلەکەی تازەفڕ**
**چاوەڕوانی ڕۆژبوونەوەی بۆ ناکرێ**
**لەناو سنگمەوە بێئارام**
**خۆی هەڵدەدات**
**لەسەر لکی پیرە دارتوویەکی گەرمیان**
**خۆی دەگرێت و**
**دەجریوێنێ و خەوی نایە**

**تاکو دەبێت بە کۆرپە مانگێکی بێگەرد**
**نەهەنگی شەو وەک گەردەلوولێک بۆی دێت**
**دیوانی............ل١٣٦**

وشە وەک ئەوەی مەحموود ئەلبریکان ئاماژەی پێداوە، پێ بەپێی پێداویستیی لەناو ڕیزبەندیی گوزارەکاندا سنووردیارە، خاوەنی ئاماژەی بێسنووریشە و سەربار هەڵگری گوتاری ئاماژەداریشە، واتە زمانێک بەشداری لە شەقڵ پێدانی دەدات کە ئاماژە بە شتی دیاریکراو دەدات، ئەگەرچیش تەمومژاوییە، بەڵام ڕاستەوخۆ دزەدەکاتە ناو هزر و وەرگر ئاودیوی ناو ئەتمۆسفیری ئەو دۆخە دەکات، کە شاعیر، لە سەروبەندی نووسینی پێیدا تێپەڕیوە، لەبارەی سەرزەمانەکەی خۆیەوە، تابڵێی بەئاگایە و تەواوی وزەی خۆی پێ بەخشیوە و ساتوسەودای لەگەڵ ژان و ئازارەکاندا کردووە و زانیاریی ناوەکییانەی پڕبەپێست لەسەر شەوێک لە شەوە بێشومار و ڕووداوەکانی بۆتەیەوە بەدەستەوە دەدات، بۆیە ئەو شت زانینەی بە ئاوەز دەگەیەنێ و بوونێک لە هۆش و بیری وەرگردا بەرجەستە دەکات، بە دیاریکراویش بوونێک کە ڕووشاوە و لەوانەیە تاک هەوڵی لەبیرکردنی، یان پشتگوێ خستنی بدات و ئەم دەقەش، ڕاستییەکەی، بە گوێرەی هایدیگەر، بیرکردنەوە بەرهەم دەهێنێت و بە گوێرەی (میوۆش)یش هەوڵێکە شتەکانمان وەبیر دێنێتەوە و ئەو چرکەساتە مێژووییەشی تێدا بەرزەفت کراوە کە بوونێکی لەناودا چڕبووەتەوە دەربڕی ئەزموونە ناوەکییەکەیە، ئەوەی کە لە هەموو شتێک زیاتر بۆ شاعیر پێویستە و ئەرکێتی، وەک مالارمێ گوتوویەتی، «ڕانەپەڕموێتە سەر وێنەکردنی شت، بەڵکوو وێنەکردنی ئەو کاریگەرییەی شتەکە بەجێی دەهێڵێت.»

**بە ئاسمانێکی ئەستوور و**
**وەکو بیر قووڵ سەرەوخوار**
**وەک داربەڕوویەکی وشک**
**هەڵواسراوم**
**من داربەڕوو نیم و کەچی**
**دەمەوێ ڕەگ بە زەویدا**
**دابکوتم**
**لە دڵی گەرم و نەمردووی ئەم خاکەوە**
**ئاو هەڵمژم**
**بیکەم بە خوێن و سەرلەنوێ**
**جەستەی بریندارى ئەوی**
**پێ ئاو بدەم**
دیوانی............ل١٣٢-١٣٣

دواجار واڵتەر بەنیامین ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت دەشێ تێکڕای بەرهەمە ئەدەبییەکان لە هەموو سەردەمەکاندا وەک یەک قابیلی خوێندنەوە بن. ڕاستییەکەی ئەم بۆچوونەش ڕەت کراوەتەوە، تەنانەت لەگەڵ بەرهەمی یەک داهێنەریشدا پێچەوانە دێتەوە، چونکە سەرلەبەری بەرهەمی ئەویش گرەو لە سەردەمەکان ناباتەوە و هەر هەندێکیان ئەفسوون و تەلیسمیان بەردەوام دەبێت.

ئەم دەقەش، وێڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆر بەسەر نووسینیدا گوزەراوە، کەچی تا ئەم ساتەوەختەش لە بەخشش نەکەوتووە و هێشتاش خوێندنەوەی ڕۆح وا لێ دەکات بەر حەقیقەتێکی ئەوتۆ بکەوێت و هەمبەر بە سەرسامیی مووچرکەدار بێت، هەروەها لەبەر ئەوەی خاوەنی هێزێکی گەورەشە، توانایی ئەوەی هەیە بە ئاڕاستەی قەوارەیەکی باڵاتر پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت، هەروەک فەوزی کەریم دەڵێت، بەهاکەشی تەنیا لە تازەیی، یان جیاوازیی دنیابینییەکەیدا نییە، بەڵکوو لە جیاکاربوونەکەشیدایە، ئەگەرچی هاوپێوەندییەکەی، مەحموود ئەلبریکان وتەنی، بە بەرفراوانیی ئاسۆی دید و دنیابینییەوە، گرنگییەکەی هێندەی تر

پەیگیرکردووە و لەبەر ئەوەی، (محەمەد عەززام)یش گوتەنی، لە پشتییەوە پەییمان بە دیدێک بردووە بۆ دنیا، مەزنییەکەی پتریش بووە.. لە کۆتاییشدا، هەروەک ژنە ئیستێتیکناسی ئەڵمانیایی «هـ.کۆنڕاد»ئامـاژەی داوەتـێ، شیعر دنیایەکە، گۆڕاوە بۆ زمان و زمانیش- کە لەم تێکستەدا گۆڕاوە بۆ وزەی دەروونی و بارگاوییە بە هەستێکی قووڵ، تا بتوانێ دەربڕین لە دنیایەک، یان بابەتێکی وابکات و ئەبەدییەتێک بۆ خۆی بەرزەفت بکات- شتێکی ئەبستراکت نییە، بەڵکوو لێنزێکە دنیایەکی لێوە دەبینین بە تێڕوانین و دیدێکی ئەوتۆ بەرجەستەکراوە بۆ ئەوەی ناوەوە، ئەو فەزایەی بورکانێک کە شیعرە و تێیدا تەقیوەتەوە پیشان بدات، کە سەرەنجام، ئۆدن گوتەنی، ڕەنگە هیچ شتێک نەگۆڕێت، بەڵام هەردەم زیندوو دەمێنێتەوە.. ئەم دەقە سیزیفییەی (سەڵاح شوان)یش، واقیعێک لە خۆیدا قەتیس دەکات و وەک بابەت ساتوسەودای لەگەڵدا دەکات، کۆڵن ویڵسن گوتەنی تەقەلالای ئەوە دەدات بۆ دەرەوە بیگوازێتەوە، بۆ شتێکی زۆر گەورەتر لە مرۆڤانیی و لە ڕێگەی بیرڕۆیشتنی دەروونیشەوە سیماکانی دەردەخات و ئەرکی گۆکردن دەداتە دەست وشە و وشەکانیش، پێ بەپێی مالارمێ، بە دەستپێشکەرییەک ڕادەپەڕن و دەقێکی شیعریی پەتی بەرهەم دەهێنن و هەروەک ئەوەی ئیلیەت لەبارەی (یەیتس)ی شاعیرەوە وتوویەتی بە ئەمانەتەوە خزمەتی هونەری شاعیرەکە و هاوکات نەتەوەکەی و تەواوی دنیاش دەکات.

**سەرچاوەکان:**


١- دیوانی سەڵاح شوان، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٢- فوزي كريم، تهافت الستينيين، أهواء المثقف و مخاطر الفعل السياسي، دراسات-دار المدى للثقافة و النشر، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠٠٦.

٣- حاتم الصكر، كتابة الذات، دراسات في وقائعية الشعر، دار الشروق للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، عمان، ١٩٩٤.

٤- حسن ناظم، أنسنة الشعر، فوزي كريم، مدخل الى حداثة أخرى، سلسلة «دراسات فكرية»، الناشر جامعة كوفة، الطبعة الثانية، بيروت، ٢٠٢٠.

٥- محمد عزام، الحداثة الشعرية، دراسة، منشورات إتحاد الكتاب العرب، الطبعة الأولى، دمشق، ١٩٩٥.

٦- ڤيكتور إيرليخ، الشكلانية الروسية، ترجمة: الولي محمد، المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى، الدار البيضاء، ٢٠٠٠.

٧- جيل أودن، ترجمة: علي الحلي، الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، العدد٩٦، بغداد، ١٩٨١.

٨- كولن ولسون، الشعر والصوفية، pdf.

٩- كارلوس بوسونيو، اللاعقلانية الشعرية، ترجمة: علي إبراهيم منوفي، مراجعة:حامد أبو أحمد، المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، الطبعة الأولى، قاهرة، ٢٠٠٥.

١٠- فوزي كريم، القلب المفكر، القصيدة تغني، ولكنها تفكر أيضا، دراسات، منشورات المتوسط، الطبعة الأولى، إيطاليا، ٢٠١٧.

١١- د.عاطف فضول، النظرية الشعرية عند إليوت و أدونيس، دراسة مقارنة، ترجمة: أسامة إسبر، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠١٣.

١٢- أوكتافيو باث، أطفال المستنقع، الشعر الحديث من الرومانسية الى الطليعية، ترجمة: أسامة إسبر، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠١٢.

١٣- فاضل ثامر، شعر الحداثة، من بنية التماسك إلى فضاء التشظي، دار المدى للثقافة و النشر، بغداد، الطبعة الأولى، ٢٠١٢.

14- Primo Levi-The Drowned and The Saved-ABACUS-Great Britain- 1989.

15- Terry Eagleton- The Rape of Clarissa- Basil Blackwell-Oxford-1985.

16- AQA Anthology of Poetry- Power and Conflict- The Poetry Guide-Elanders- New-castle upon tyne-2015.